www.kurdistannet.org
13-6-2003 0:51

# كورد وەك هاوپەيمانێك

وەهاب شاه محمد

ئه گه ر مێژووی کۆمه ڵگای مرۆڤایه تی بخۆێنینه وه بۆمان ده رده که وێ که وا هه موو ئه و شه ڕوو جه نگانه ی که له مێژووی مرۆڤایه تیدا کراوه به و جۆره بووه که ئه وانه ی که به براوه ی شه ر داده نرێن وه به هاوپه یمان ناو ده برێن به رهه مه کانی شه ریان له نێوان خۆیان دابه ش کردووه و هه رکه س به گوێره ی به رژه وه ندی خۆی سنووره کان و ده سه ڵاته سیاسێکانیشی به لای خۆی راکێشاوه،

ئه گه ر چاوێك به شه ره گه وره کان بخشێنینه و که له سه رده می سه ده ی بیسته م روویان داوه و به شه ری جیهانی یه که م و دووه م ناوده برێن ده بینین هه ر به و شێوه ی سه ره وه بووه که باسمان کرد، بۆ نموونه دوای جه نگی جیهانی دووه م له نێوان ئینگلیزوو فه ره نسا له لایێك وه ئیمپراتۆریه تی عوسمانی له لایێکی تره وه ده بینین که ئه وده وانه ی پێشه وه هه موو ده سکه وته کانی شه ریان له نێوان خۆیان دابه ش کردوو سنووره کۆنه کانی ده وڵه تی عوسمانیان هه موو تێکداو زۆر له و وڵاتانه ی که ئه مرۆ هه ن دروست کردو هه روه ها خاکی هه ندێ له میله تانیان به زبری چه ك و له به ر به رژه وه ندی ئابووری و سیاسی خۆیان پارچه پارچه کرد که کوردی به دبه ختیش یه‌کێ بوو له و میله تانه،

له ورۆژه وه ی که خاکی کوردستان به ده ست ئینگلیزوو فه ره نسا دابه ش کرا میله تی کورد له ماڵوێرانی و قوربه سه ری و دواکه وتن به دوواوه هیچی تری نه بینیوه، ئه توانین بڵێین که به داخه وه ئه وهه موو کاره ساته ش که به سه ر کورد هاتووه له و کاته وه به ده ست که سانێکه وه رووی داوه که خۆیان به براو هاوئاین و دراوسێ کورد داناوه، وه زۆرجاریش هه ر به ناوی ئه و سێ شته ی سه ره وه ئه و هه موو ماڵوێرانیه یان به سه ر میله تی کورد هێناوه له کاتێکا ده بوایه ئه وان له هه موو که سێك هاوپشتوو دڵسۆزی ئه م میله تی کورده بونایه، وه باشترین نموونه ش رژێمی گۆربه گۆری به عس و رژێمه یه ك له دوای یه که کانی تورکیابوون،

له کاتی رزگارکردنی عیراق له ده ست به عسی فاشی کورد یه‌کێ بوو له و هاوپه یمانه که مانه ی ئه مریکا چی له ناوچه که و چی له جیهانیش، ئه وانه ی که ساڵه های ساڵه به هاوپه یمان و دۆستی ئه مریکا داده نا و داده نرا به ئاشکرا پشتیان له ئه مریکاو داواکارێکانی ئه مریکا کرد که زۆربه ی زۆری شاره زایانی جیهان سه ریان سور ما،

کورد نه ك ته نها له کوردستانی عیراق بڵکوو له هه موو به شه کانی تریش به هیوایێکی گه وره وه بۆ ئه م شه ره ده یانروانی چونکه ئه نجامه که ی نه هێشتن و له ناوبردنی گه وره ترین مه ترسی له سه ر میله تی کورد له ناوده برد که ئه ویش رژێمی به عس بوو که به ناوی برایه تی و ها وڵاتێتی هه موو جوره چه کێکی بۆ له نابردنی کورد به کار ده هێنا،

ئه گه کورد به شداری له م شه ره نه کردایه ئه وا ئه و چه ند فرۆکه ی که له ئینجه رلیك دانرابوو نوو هه ڵده گیراو له وانه شه ئه وپارچه ئازادکراوه ی کوردستانیش له ژێر پۆستاڵی ئه موو ئه و له گه ل زه وی ئه کرا به یه ك، به ڵام ئه وه ی که جێ خۆشحاڵیه ئه وه بوو که کورد هاوپه یمانی شه ری ئازادی بوو وه ئه وانه ی که خۆیان به هاوپه یمانی

ئه مریكا داده نا به شداریان له هاوپه یمانێتی شه ڕه كه نه كرد وه ئه گه ر بیان كردایه مه گه ر هه ر خوا خۆی بزانێ چی ڕووی ده دا،

به ڵام هه روه ك و له سه ره تای باسه كه مان وتمان كه هاوپه یمانانی شه ڕوو براوه ی شه ر ده بێ به رهه مه كان له نێوان خۆیان دابه ش بكه ن بۆیه هه موو میله تی كورد چاوه ڕوانی ئه وه یه له سه ركرده كانی كورد كه زوو زوو ئه وه بخه نه وه بیری ئه مریكا كه یێكێ له هاوپه یمانه كه مه كانیان له م شه ره دا كورد بوو وه ده بێ پاداشتی شه ری بدرێتێ و بگه ڕێته وه سه ر خاكی باوباپیرانی خۆی كه به زه بری چه ك له سه ری ده ركراو

ته عریب كرا وه داوای بستێك له خاكی كه س ناكه ین چونكه له وه تی كورد هه یه چاوی له خاكی میله تانی تر نه بووه وه ئه گه ر هه یبوایه ئه وا سه ده های ساڵ له مه و به ر خاكی خه ڵكی تری داگیر ده كرد،

سوید

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆچونی خاوەنەكەیەنی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.